# ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی فەعالیەت بە ناوی کۆمەڵە

## لێگەڕێن با "حکا " هەر بۆ خەیاڵپەرەستان بێ، ئەوەی دەمێنێتەوە هەر کۆمەڵەی سوسیالیست و ئازاد بیرە

سەرەنجام دوای ماوەیەکی زۆر، ڕێبەری" حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" و ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە لە کۆبونەوەیەکدا هەستان بە پاڵاوتنێک کە بە تەواوەتی لە گەڵ کۆمەڵە بۆچون و بەرژەوەندی بەرتەسک و تاقمگەرایانەی ئەواندا دێتەوە و لە ڕێگای ڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە سەبارەت بە کۆمەڵی ناسراو بە "فراکسیۆنی فەعالیەت بە ناوی کۆمەڵە" حیسابی خۆیان لە گەڵ ئەو فراکسیۆنە یەکلایی کردەوە کە لە ڕاستی دا مۆریان کوتایە سەر ئەو هەڵوێستە کە دەمێکە گرتویانەتە بەر.

ئەو ڕاگەیاندنە کە ناوەرۆکێکی دوو ڕوویانەی هەیە هەوڵ بۆ پاساو کردنی کردەوەیەکی نا ژیرانە دەدات. دووڕویانەیە چونکە بە پێچ و پەنا قسە دەکات و خۆشی لەو ڕاستییە ئاگادارە،هەر بۆیە دەست دەبات بۆ کردەوەی فریوکارانە. ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست هەر زوو ڕایگەیاند کە فراکسیۆن بە ڕەسمی ناناسێ، بەڵام ئەمڕۆکە بڕیار لە سەر دەرکردنی بە تەواوەتی ئەو بوونە بە ڕەسمی نەناسراوە دەردەکات. بە واتایەکی تر ئەو ڕێبەریە نایهەوێ بە بێ پێچ و پەنا (کە دەبێ لە تایبەتمەندێ کۆمۆنیستەکان بێ)لە گەڵ ئەو مەسەلەیە بەرەوروو بێت بە ئاشکرا ڕایبگەیەنێ کە بە پشت بەستن بە چ پەیرەوێکی نێو خۆیی، کێ، یان ئەوە کە چ کەسانێکی دیاری کراو لە حیزبەکەی دەردەکات. ئەندامانی "فراکسیۆنی فەعالیەت بە ناوی کۆمەڵە "کەسانێکن کە خاوەنی ناو و نیشانی دیاری کراون و ئەو ڕاستییەش لەو کەسانەی کە لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا لە گەڵ کۆمەڵە و بزوتنەوەی کوردستان لە پەیوەندی دان شاراوە نییە. ژنان و پیاوانێک لە ریزی فراکسیۆندان کە بەردەوام لە سەر بنەما فکریی و عەمەلیەکانی کۆمەڵە بوون پێداگریان کردووەو بەو پەڕی سەداقەت و لێبوردەیەوە لەو پێناوەدا هەنگاویان هەڵێناوە. فراکسیۆن تێکەڵاوێک لە دامەزرێنەران، ڕێبەرانی خاوەن پێشینەی پڕشەنگدار کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناو ئازادی و سۆسیالیزم و خەبات لە دژی ڕژیمی پاشایەتی و ئیسلامی ناوەتە پشت سەر، ئەو فەرماندە کارامەو بە جەربەزانەی کە لە قۆناغێکی دیاری کراودا لە بەرامبەر هێرشی داگیرکارانە و سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی و کۆنە پەرەستانی نێو خۆ لە سەنگەرەکانی خۆراگری و خەباتدا فیداکاریان لە خۆیان نواندووە و گەلێک حەماسەیان خولقاندووە. ئەو ڕاستییانە ڕێبەری "حکا" وا لێدەکات ، بە ئەنقەست، کەسایەتی مرۆیی و کۆمەڵایەتێکانی فراکسیۆن لە بەر چاو نەگرێ، تاکووو لە قەباحەتی ئەو کارەی کە کردویەتی دابشکێنێ.

ئەو بڕیارە ناژیرانەیە لە ڕووی داماویی و لە هەمان کاتدا دەرخەری شکستە. بڕیاردەران تەنانەت بیریان لەو مەسەلەیە نەکردۆتەوە کە بۆ کەم کردنەوەی باری قورسی هەژاندنی هەستی گشتێش بووبێت، کەڵک لە مەرامنامەی حیزبە نەبۆکەیان وەرگرن. ئەوان هەستان بە پاڵاوتنی دیاردەیەک کە زۆر جار چاویان لە بوونی بەستوە و نەیانویستوە هەبوونی بسەلمێنن.

لەو ڕاگەیاندنەدا ڕێبەری(حکا) هەمو هەوڵ و کۆششی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئاوەژو نیشاندانی ڕاستیەکان و پەردە پۆش کردنی هەڵس و کەوتی نا بەجێ و دوور لە هاوڕێیەتی خۆیان و دەرخستنی ڕواڵەتێکی بە پێچەوانە لە فراکسیۆن و لەو ماوەیەدا دەستی بردووە بۆ بینەو بەرەی ڕێکخراوەیی و هەوڵی داوە ئەم کاکڵە تاڵە لە شاردنەوەی ڕاستییەکان لە بەرگی هەڵفریواندنەوە پێچێت و بە نێوی حەقیقەت بە خەڵکی بسەپێنێ.

داڕێژەرانی ڕاگەیاندنەکە دەمی قسەیان بەو حوکمە دەستکردە دەکەنەوە " ئەوان ئیتر بە تەواوەتی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕەوتە بە نامۆ دەبینن"، تاکووو دۆخەکە بۆ قەزاوەت کردنەکانی دواتر هەموار بکەن و سەرە پەتی ئەو جیاوزیانە گرێ بدەن بە " ڕەنگدانەوە کێشە چینایەتێکانی ناو کۆمەڵگا". تاکووو لەو ڕێگایەوەو بە ویستی خۆیان هێزێکی چینایەتی کە لە بەرژەوەندی ئەوان دابێ بە خۆیانەوە بلکێنن ولە هیچ ، پاساوێکی ئیدئۆلۆژیک بۆ ئەو کردەوەیە کە خۆشیان ناتوانن دیفاعی لێبکەن ،داتاشن. ڕێبەری "حکا" لە درێژەی چیرۆکەکەدا هەستی" بەخشش" دایدەگرێ و بە ڕواڵەت مافی بەشداری کرێکاران و خەڵکی زۆر لێکراو بە پاریزراوی دەهێڵێتەوە، تاکووو لەو کێشە بە ناو چینایەتیانەی ناو حیزبەکەیان بەشداریان بدەن و... بەڵام ڕاستی ڕووداوەکە چییە.

نەئەو"هەستی تەواو نامۆبوونە"ی ئێمە لە جێی خۆیدایە و نە ئەو شەڕ و کێشە چینایەتی نێو حیزبێی ئەوان ڕاستە. نە ئێوە تیئۆری داڕێژەرو نوێنەری چینی کرێکارن نە ئێمەش هەڵفریودراوی بۆرژوازی و کڕنۆش بەرانی قافی ناسیۆنالیزم. ئەوە بزانن کە بەو شێوازە کە گرتوتانەتە بەر هیچکات ناتوانن ببنە خاوەنی "حیزبێکی سالم، یەکگرتوو چالاک". ئەوە تەنزێکی تاڵ و لە ڕاستیشدا گاڵتە جاڕێکی تەواوە، کاتێک مرۆڤ لە هەزارەی سێهەمدا دەبێنێ و دەبیستێ کە خواستی پاوانخۆازی تاقمێک کە لافی نوێنەرایەتی چینی کرێکار لێدەدەن، وەک شەڕ و کێشەی چینایەتی و ڕەنگدانەوەی لە ناو حیزبدا لێکبدرێتەوە و یەکریزی و چالاکبوونی خۆی لە پالاوتن،دەرکردن و دابەشکردنی ریزەکانی خوارەوە بە خۆمانە و غەیری خۆمانە وەدەست بخات. لە ڕاستیدا ئەو شتەی کە خەڵکی ئازار چێشتو پەرێشان و دل نیگەران دەکات و دوژمنیش دڵشاد و لێو بە خەندە، هەمان بەڵای داسەپاندنی جیابونەوەی مالیخولیایانە و پێک هێنانی ڕێکخراوی هاو تەریبی یەک لەدوای یەکە کە بە زۆر بلێیی گوایە تیئۆریکی شەڕی چینایەتیەوە، لە سەر حیسابی خەڵک و بزوتنەوە، وەکووو کارگ یەک لە دوای یەک هەڵدەتۆقن. ئەوە نەک نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای فرە حیزبی و ئاکامی چارە هەڵنەگری جیاوە بوونەکانیەتی لە ئێران و کوردستان، بەڵکوو شانۆو کاریکاتێرێکە لە حیزبیەت، ڕێبەری و پەیوەندی ناوخۆیی وسوار کردنی بەرژەوەندی خوازەلۆکی تاقمێکە بە سەر پێداویستیەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتی بزوتنەوەدا. ئەوە نیشانەی نەخۆش بوون ،مایە پوچ بوون و بێ کەڵک بوونی ئەو ئەو جۆرە حیزبایەتی و ئەو جۆرە بە ناو ڕێبەری کردنەیە. ئەوە بەرەو دواوە چونە لەو دیوی هەر چەشنە نیەت پاکی کارگێڕانیدا، ژەهرێکی کوشەندە یە لە کۆمەڵگایەکی فرە حیزبی کە هیچ کات ناتوانێ خوی لە ئاکامە زیانبارەکانی بپارێزێت.

کۆمیتە ناوەندی "حکا" ئیدعای ئەوە دەکات کە فراکسیۆن بە" دەرکردنی ڕاگەیاندنی ئاشکرا، کە یەکریزی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵەی دەبردە ژێر پرسیار"، بە کردەوە خوازیاری جیایی و دووبەرەکایەتی بووە. بێ ئەوەی کە سەرنج بدەنە ئەو هەڵە ناسکەیان کە بەو جۆرە ئاوەژوو کردنانە، ئەو ئیدعایەی ئێمەیان زیاتر سەلماندوە کە کۆمەڵە، نەک "حکا" ڕەوتێکی حاشاهەڵنەگرو شیاوی سەرنجە. ئەوان بە ئاماژە کردن بە "ئیرادەی سیاسی کۆمەڵە "کە گوایا ئێمە خەریکی لاواز کردنی بوین، بە خشکە دانیان بەوەداناوە کە

لە راستییدا دابین کردنی یەکریزی کۆمەڵە گرینگە نەک پاراستنی چوارچێوەی ریکخراوەیی "حکا". هەموو ئەم چەواشە کاریانەش بۆ ئەوە بووە کە نە تەنیا مل بە خواستی ئێمە واتە نوێژەن کردنەوەی یەکریزی ئیرادەی سیاسی کۆمەلە نەدەن، بەڵکوو بە بەلارێدابردنی بە ئاشکرای بابەتی جێگای کێشە، لە لایەکەوە لە هەستی خەڵک بە نیسبەت کۆمەڵە خراپ کەڵک وەرگرن و کۆمەڵە بکەنە قەڵغانێک بۆ پاراستنی "حکا"، و لەولاشەوە هەوڵە ئاشکراکانی ئێمە لەو پەیوەندیەدا وەک تاوانی ریکخراوەیی لە ناو ریکخراوەکەیاندا هەرزان فرۆش کەن، بێ ئەوەی کە سەرنج بدەنە ئەو بابەتە ساکارە کە لە چەند دێرێکی سەرەوەتردا لافی دموکراتانەیان لێداوە و ئیدعادەکەن کە سەرجەم ئامرازەکانی تەبلیغی حیزبیان بۆ بەرێوە بردنی ئەو "تاوانە ریکخراوەیی"یە ناوەتە بەردەستی ئێمە. سەرنجیان نەداوەتێ کە ئەوە دوو شتە دژ بە یەکترین. هەروەها هیچ ئاماژەیەکیش بەو ڕاگەیاندنانە ناکەن کە گوایا "یەکریزی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵە"یان بردۆتە ژێر پرسیار، تاکووو دەرکەوێ کێ بۆ لاواز کردنی ئاوا ئیرادەیەک و چ کەسێکیش بۆ بە هێز کردنی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە.

نکۆڵێ لێ ناکرێ کە ئێمە بە دەرکردنی راگەیاندنی ئاشکرا، بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران مان بردۆتە ژێر پرسیار. ئێمە پاراستنی ئەو تابلۆیە بێ هۆو بە دور لە ئەقل و مەنتقی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەزانین. ئێمە لە سەر ئەو باوەرە بوین و هەین کە قرەی ئەو رێبەریە نەک لە پێناو پاراستنی ئامانجە سۆسیالیستێکان، بەڵکوو لە پێناو سەرقاڵ کردنی بێمایە و بەرژەوەندی تاقمچێتی لە نێو ئەندامان و خۆ خزاندنە دەرەوە لە ژێرباری ئەو بەر پرسیاریەتێیە کە کۆمەڵە لە ئاست بزوتنەوەی کوردستاندا بویەتی و ئێستاش هەیەتی. لە پێناو پاراستنی هەڵوێستی ئیرادەگەرایانە لە ئاست شۆڕشی سوسیالیستێ. لە پێناو مل نەدانی ئەو رێبەریە بە قسە و باسی رێ خۆشکەر لەو بوارەداو پێدانەچونەوە بە تیئۆریە سەتحێکانی ئەو حیزبە لەو پەیوەندێدا . چونکە ئەگەر ئەو چەند دروشمە بێ ناوەرۆک و تیئۆریە تێکەڵ پێکەڵە سەتحیانە ، لەو رێبەرییە کە ئیدعای پاراستنی ئاڵای سوسیالیزم لە کۆمەڵەدا دەکات، بستێنیەوە قسەیەکی بۆ کردن لەو بوارەدا پێ نامێنێ. ئاشکرایە ئێمە هیچکات لە سەر ئەو باوەرە نەبووین کە بە گۆڕینی ناو یەکریزی سەر لەنوێی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵە دەگەرێتەوە سەر جێگای خۆی، بەڵکوو لە سەر ئەو باوەرە بووین کە بە هەڵگرتنی وەها هەنگاوێک کۆسپێکی سەرەکیمان لە سەر رێگا لا بردوە. لە روانگەی ئێمەوە ئەوە بە هیچ شێوەیەک بە مانای خستنە ژێر پرسیاری یەکریزی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵە نەبووە و ناشتوانێ ببێت، بەڵکوو بە پێچەوانە دابین کردن و نوێژەن کردنەوەی ئاوا ئیرادەیەک بە مانای رەوتێکی کۆمەڵایەتی و چالاک لە ئاڵ و گۆڕەکانی داهاتودایە. سەرجەم راگەیاندنە ئاشکراکانی فراکسیۆن لە پێناو نەهێشتنی قەیران لە کۆمەڵەدا، سەرنج دانە سەر ئاوا قەیرانێک و رێکخستنەوەی سەر لە نوێی یەکریزی سیاسی و ئیرادەی هەڵقوڵیو لەو یەکریزییە بووە.ئەگەر لە بنەرەتدا ئاوا شتێک لە ئارادا نەبوایە، پێکهینانی ئاوا فراکسیۆنێک نەک پێویست نەبوو بەڵکوو کێشەیەکیش لە ئارادانەدەبوو.

رێبەری "حکا 'بە هینانەوەی بەڵگەی لەو چەشنە تەنیا دەتوانی ئەو راستییە دەرخات کە داوایەکی نا دیمۆکڕاتیکانەی لە ئێمە هەبووە، کە تا ئێستا بە ئاگاداری ئێمەی نەگەیاندووە. ئەویش ئەوە کە ئێمە نەدەبوو بە دەرکردنی راگەیاندنی ئاشکرا، یەکریزی ئیرادەی سیاسی حیزبەکەیان بەرینە ژێر پرسیار. بەڵام ئەوە کارێک بوو کە ئیمە نەماندەتوانی بیکەین، هەرچەند رێژەیەکی بەرچاو لە وزەی ئەندامانی فراکسیۆن خرایە پێناو قسە و باسی ناو خۆیی لە گەڵ هاورێیانی حیزبی، تاکووو لە دیالۆگی ناو خۆییدا دەرەنجامی قرەکانی رێبەری بە گوێی ئەوان دادەین و داوایان لێبکەین کە هەوڵ بۆ قسەو باسی رێخۆشکەر بدەن نەک وێرانکەر. ساڵانێکی زۆر لە بەر دەم ڕای گشتیدا بوونی ئەو کێشانەمان ئاشکرا

نەکرد، بەڵام لە درێژەدا دیتمان کە ئەو شێوەیە ئیتر کارساز نییە، بۆیە دەبوو بە هێنانە ئاڕای ئاشکرای بۆچوونەکانمان روانگەکانی خۆمان بە شێوەیەکی روون بە ئاگاداری گشتی بگەیەنین. کارێکی باشیشمان کرد. ئەو کارەی ئێمە سەر لە نوێ جموجۆڵێکی نوێی خستەوە ناو رەوتی کۆمەڵە. ئێمە هەم شاهیدی قسەو باسی رێخۆشکەر بووین، هەمیش شاهیدی قسەی هەڵبەستراو و چەواشەکاری و جنێوو بوختانی ژمارەیەک کە بە شوێن بەرژەوەندی خوازەڵۆکانەی خۆیانەوە بوون. بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە هەموان دیسان بۆیان دەرکەوت کە مێژووی کۆمەڵە مێژوویەکی زیندو و گەشە، خاوەنی زۆرە و سەرەڕای سەرجەم ئەو کەند و کۆسپانەی کە لە سەر رێگای نوێژەن کردنەوەی سەر لە نوێی لە ئارادان، ئاوا رەوتێک هێشتا هەر زیندووە. لە جیهانی واقێعدا ئەوەی کە ئەو رێبەریە وەک لاواز کردنی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵە لە قەلەمی دەدات، شتێک نەبوو جیا لە هەڵەسوون هێنانەوەی ئاوا ئیرادەیەک کە کۆمەڵە لە سەر بناغەی ئەو ئیرادەیە سەری هەڵدا و هێشتاش هەروا قایمە. لەو بەستێنە وزە وەردەگرێ و بەرەو پێش دەچێ. لە ڕاستیشدا یەکێک لە خاڵەکانی جێگای کێشە لە نێوان ئێمە و رێبەریشدا هەر ئەوەیە. ئەوان کۆمەڵە لە چوارچێوەی ژمارەیەک دا دەبیننەوە و پێناسە دەکەن کە بە پێی هەندێ بنەمای فیکری داتاشراوی قەتیس لە چوارچێوەی تەنگەبەری یاسا نێوخۆییەکان و، لە پەیوەندیە بەرتەسکەکاندا لە دەور یەکتر ئالقە دەبەستن و توانای بەرەورووبوون لە گەڵ کێشە واقعێیە کۆمەڵایەتێکانیان نییە. ئێمە نەماندەتوانی وابین. تەنانەت مەسەلەکە بۆ ئێمە نەیدەتوانی دەرکردن یان خۆد دەر نەکردنی راگەیاندنی ئاشکرا بێت، کە یەکریزی ئیرادەی سیاسی ئەو رێبەری بباتە ژێر پرسیار یان نا، مەسەلەکە بۆ ئێمە راکێشانی بیروڕای گشتی بەرەو ئەو کێشانەبوو کە کۆمەڵە لە گەڵیان دەستەو یەخەیە. کارێک کە تێیدا سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەوە ئاکامی لێکدانەوەو شێوەی نا بەجێ ولاوازی رێبەری خۆی بووە کە هەر جۆرە ڕادەربڕینێکی سیاسی نەیاران دەست بەجێ یەکریزی ئیرادەی سیاسی ئەو حیزبە دەخاتە لەرزە. لە ئاوا حالەتێکدا رێبەری ئەو حیزبە لە جیاتی ئەوەی کە پەنا بەرێتە بەر ساکارترین و کاتیترین رێگا چارە واتە دەرکردنی نەیارانی، دەبوو بیرێکی ئەساسی لە حیزبەکەی بکاتەوە.

لە روانگەی رێبەری حکا یەکێکی تر لە تاوانەکانی ئێمە پێک هێنانی فراکسیۆن و رێبەریەکەی بە بەشداری کەسانی غەیرە تەشکیلاتیە. لە بیریان چۆتەوە کە هەر لەو راگەیاندنەدا و لە چەند بەشێک سەرەوەتردا نوسیبویان کە ئەو پرۆسەیە بە واژۆی 7 کەس لە ئەندامانی تەشکیلات سەری هەڵدا. واتە دانیان پێداناوە کە پێک هێنانی ئاوا فراکسیۆنێک بە تەواوەتی لە لایەن ئەندامانی تەشکیلاتەوە دەستی پێکردوە .لێرەشدا هەر چەواشەکاریێکی ناشیانە یان رەچاو کردوە، دەڵێن: پێکهێنانی فراکسیۆن و رێبەریەکەی بە بەشداری کەسانی غەیرە تەشکیلاتی، تاکووو ئە و ئیدیعایە بکەن کە ئەوە نەک حەرەکەتێکی ناوخۆی حکا بەڵکوو بەرهەمی ئەو پیلانە گەڵاڵەکراوانەن کە لە دەرەوەی تە شکیلات بە دژی حکا دارێژراوە. ئەوە نەتەنیا درۆو چەواشەکاریەکی ئاشکرایە، بەڵکوو درێژەی هەمان شێوەکاری و یرانکارانەی رێبەری "حکا"ە بەرانبەر بە هەر لایەنێکی نە یاری ناوخۆیی. لە رابردوودا وێرانکاریەکی لەو چەشنە بە یارمەتی رووداوە سیاسیەکان لە هەمان قۆناغ دا پاساوی بۆ دەهێنرایەوە، ئێستا کە رووداوی لەو چەشنە لە ئارادانین و راگەیاندنەکانی فراکسیۆنیش شتێکیان نەداوە بە دەستەوە، ئاماژە بە بەشداری کەسانی غەیرە تەشکیلاتی لە رێبەری فراکسیۆن دەکرێ، تاکووو بە مەیلی خۆیان فراکسیۆن نەک هەر بخەنە ژێر گوشارەوە، بەڵکوو پاساوێکیش بۆ پاڵاوتنەکانیان دابتاشن و بە پشت بەستن بە هەڵبەستەی "ساز کردنی تەشکیلات بە بەشداری کەسانی غەیرە تەشکیلاتی" بۆ فراکسیۆنی تێبچێن.

بەڵام کێشەی سەرەکی لە سەر چیە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەر ئەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا هەڵوێستەکانی ئێمە سەرنجی زۆرێک لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵەی کە ئێستا هاوکاری هیچکام لە ڕێکخراەکان نین ، هەروەها سەرنجی ئەو ڕێکخراوانەی کە بە نێوی کۆمەڵە کار دەکەن و زۆرێک لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کوردستانی بەرەو لای خۆیی ڕاکێشاوە. ئەوە کاردانەوەی سروشتی کەسانی تر بە نیسبەت ئێمە و هەڵوێستەکانی ئێمە بوە. ئەوە خاڵێکی بەهێز بوو کە هەر لە سەرەتاوە بووە هۆی تورەبونی ڕێبەری حکا و وای لێکردن کە بە پشت بەستن بە بوختان گەلی جۆراوجۆر و قسە و قسەڵۆکی ماڵەو ماڵ هەوڵ بۆ پووچەڵ کردنەوەی بدەن. لەو بوارەدا، بوختانچیدیکەش بوونە هاوڕێیان و پشتیوانی زۆریان لێکردن، بەڵام ئاکامێکی نەبوو. ئێستا وەک بەڵگەی تاوانێکیتر لە دژی ئێمە بەکاری دەبەن. ئەوە لە حالێکدایە کە پشتیوانی ئەو هاوڕێیانە لە ئێمە بە شیوەیەکی بە تەواوەتی ئاشکرا بووە. ئەو ئاڵ و گۆڕانە کۆمەڵێک قسەو باس و دمە تەقەی سیاسی لە گەڵ خۆی هێنایە ئاراوە. ئێمەش لە کۆنگرەی 13 و لە بەر دەم سەرجەم نوێنەراندا و بە ئاشکرا سپاسی پشتیوانی کردنی ئەوانمان کرد و هەر ئەوکاتیش داواکاری هاوکاری زیاتری ئەوان لە گەڵ ئەو رەوتە و پەیوەست بوونیان بەو دیالۆگە بووین. نە تەنیا پیلانێک لە ئارادا نەبووە، نە تەنیا سنووری ئەوان لە گەڵ ئێمە خەوشی تێ نەکەوت، بەڵکوو زۆر بە ئاشکرا ئەوە حەرەکەتێک بووە لە پێناو تەرخان کردنی هێزێکی زیاتر بۆ چارەسەر کردنی قەیران لە کۆمەڵەداو پەرەدان و قوڵ کردنەوەی قسە و باسەکان لە پێناو بردنە سەرەوە و دابین کردنی سەر لەنوێی یەکریزی ئیرادەی سیاسی کۆمەڵە. بابەتی سەرەکی ئەوە نییەو ناشتوانێ ببێ کە ئێمە لە گەڵ هاوڕێیانی چالاک لەو توێژەدا پەیوەندی و قسەو باسمان نەبێ، بەڵکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە لە هەڵس و کەوت کردن لە گەڵ قەیران لە تەشکیلاتدا، ئێمە و ڕێبەری حکا دوو شێوازی بە تەواوەتی جیاوازمان هەبووە و لە دوو روانگەی جیاوازەوە بۆ شتەکان چوین. شێوەکار و روانگەی ئێمە کە خۆی لە تەنگەبەرایی پێوەندە ڕێکخراوەیەکاندا قەتیس نەکردوە و بە شێوەیەکی کراوە، روانیوێتە کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆی، بە پێچەوانە ڕێبەری حکا هەوڵی داوە ئێمە لە چوارچێوەیەکی دەسکردی ڕێکخراوەیی دا ئەسیر بکا و لەو دنیا بچووکەی خۆیاندا کە ئاوا پەیوەندی گەلێکی بۆ ئێمە دروست کردووە بمانهێڵنەوە. هیچ کەسیش بەری بە هاوڕێیانی تری حیزبی نەگرتبوو بۆ ئەوەی بەو پرۆسەیە پەیوەست نەبن. بە پێچەوانە ئێمە داوامان لە هەموو هاوڕێیانی حیزبی کردبوو کە بە گیانێکی هاوڕێیانە بێنە ناو ئەو دۆخە نوێی و چارەنوس سازە کە هاتبوە ئاراوە. ئەوە کێشەی ئێمە نییە کە ئەو هاوڕێیانە لەو پەیوەندیەدا تەنیا بیریان لە پیلانگێڕی کردۆتەوە. لەو ماوەیەدا ئەوان لە هەڵس و کەوتی هێمنانەی ئێمە و خۆپاراستن لە جیابونەوە و گرفتێکیتر نانە سەر گرفتەکانی تری کۆمەڵە، لانی کەم دەبوایە شێوەکاری جیاوازی ئێمەیان بۆ دەرکەوتبا، نەک ئەوەی کە لە ئاکامدا لەو شێوازە جیاوازە کەرەسەی پێویست بۆ مەحکومکردنێکی ڕێکخراوەیی بێ ناوەڕۆک و بێ بنەما دەرکێشن. ئەو پرسیارەی کە تا ئێستا لە بەر دەم هەمو ئەندامانی ئەو حیزبە لە ئارادایە ئەوە نییە کە بە چ شێوەیەک لە گەڵ کردەوەی بە ناو تێکدەرانەی ئێمە هەڵس و کەوت بکەن، بەڵکوو پرسیار دەبێ ئەوەبێ کە بۆچی چەقیان بەستووە و دەیانهەوێ هەر چەقیش ببەستن و بەو پرۆسەیە پەیوەست نابن. بۆچی دەچنە لا شانی ڕێبەریەکی سەرلێشێواو کە لە ترسی ئەوەی کە نەکا ژێر پێیان بروخێ، نە تەنیا کەوتونەتە خۆپارێزیەوە، بەڵکوو هەموو هەوڵیان ئەوەیە تا لە ڕێگای بوختان و درۆودەلەسە بۆ ئەم و ئەو پەنا بەرنە بەر تیئۆری پیلان و وەک دوایین داهێنانیش وێرای چەواشە کردنی سەر لە نوێی ڕووداوەکان، لە شێوازی ئوسوولی و واوەتر لە چوارچێوەی تەشکیلاتي ئێمە بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان، بە دڵی خۆیان بەڵگەی تاوانێکی ترمان بۆ گەڵاڵە کەن.

هەڵوێستی ئەو کەس و ڕێکخراوانە و ڕاگەیاندنی بە ئاشکرای پشتیوانیان لە ئێمە، لە لایەن ڕێبەری حکا وە وەک پیلان لە قەڵەم دراوە، گۆیا دەبێ بە شیوەیەکی ئۆتوماتیک هەموو حیزب و کەسێک لە ئەوان پشتیوانی بکات. هەبوون کەسانێکیش کە لایەنی ئەوانیان گرت، بەڵام نە تەنیا وەک پیلان لە قەڵەم نەدرا بەڵکوو بوو بە ئامرازێک تاکووو بە پشت بەستن بە پشتیوانی ئەوان کۆمەڵێک بوختانی نا بەجێ لە دژی ئێمە و هاوڕێیانی دیکە بڵاو بکەنەوە. ئایا دەنگۆ و بوختانی ئەو کەس و حیزبانە سەبارەت بە ئێمە تاوان نییە؟ بەڵام هەر چەشنە پشتیوانی کردنێک لە ئێمە وەک تاوان دێتە ژمارو دەبێتە هۆکارێک بۆ پاڵاوتنمان.

بە دوای ڕاگەیاندنی فراکسیۆندا، زۆرێک لە هاوڕێیانی ڕەوتی کۆمەڵە (کە ئێمە هیچکات پەیوەندیمان لە گەڵ نەبرییون) بە دەرکردنی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر، پشتیوانیان لێ کردین. نا سروشتی نییە کە ئێمە سپاس و پێزانینی خۆمان بە هۆی ئەو کردەوەیە و پشتیوانی و هەروەها هاو بۆچونی و هەست بە بەر پرسیاریەتیان لە ئاست دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵە و لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدا وەک (بەڕێوە چوونی سمیناری ئاشکرا لە شاری ستۆکهۆڵم )و شێوازی تر،ئاراستە بکەین و بەو کارەیان دڵخۆش بین وداوای بەشداری کردن لە ئاوا دیالۆگ و قسە و باسێکیان لێ بکەین. ئەو هاوڕێیانە بە هۆی ئەو بۆچونانەی کە هەمانبوو و هەڵمانبژاردبوون، بۆ ئێمە وەک کەسانی دەرەوی تەشکیلات نەدەهاتنە ژمار، بەڵکوو هەر ئەو جۆرەی کە گەلێک جار و لە بوچوونەکانماندا بە ئاشکرا ڕامانگەیاندوە، جێ وشوێنی هاوڕێیانی ناو ڕەوتی کۆمەڵەیان هەبووە. ئەو شتەش کە ڕاگەیاندنەکەی کۆمیتە ناوەندی حکاش دەیهەوێ لە بەر چاوی نەگرێ هەر ئەوەیە. ئێمە لە کەسمان نەشاردۆتەوە کە خوازیاری نوێژەن کردنەوەی کۆمەڵەین لە سەر ئەساسی ڕوانگەیەکی نوێ و ئەوەمان وەک سەرەکی ترین ئامانجی خۆمان داناوە. ئەوە نەتەنیا ئامانج و مەبەستی ئێمە بەڵکوو خواستی گەلێک کەسە کە ساڵانێکی زۆر لەو ڕێگایەدا هەوڵیان داوە.

ئەوەی ئەوان بە پیلان و تێکدەرانە لە قەڵەمی دەدەن، پرۆژەیەکی سیاسی شیاوی داکۆکی کردنە کە ڕێبەری حکا بە هەمو هێزیەوە لە بەرامبەریدا ڕاوەستاوە و لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا ئاڵای تێکدەرانەی ڕاستەقینەی هەڵداوە.

ڕێبەری حکا ئیدعای ئەوە دەکات کە ئێمە هەوڵمان" بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی ڕێکخراوێک لە ناو تەشکیلات دا داوە و حکا و ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبەمان کردۆتە سەنگەرێک بۆ بەرەو پێش بردنی پرۆژە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی خۆمان لە دەرەوی تەشکیلات" دا . لێرەدا ڕاستی و چەواشەکاریەکان بە شێوەیەکی هەرزەکارانە لە تەنیشت یەکتر ڕیز کراون، تاکووو بەو شێوەیە بە خوێنەرانی بقەبڵێنن کە ئەوە ئێمە خۆمانین بە کردەوە لەو ڕێکخراوەیە چوینەتە دەرێ، واتە هەم وەلامان نێن و هەمیش بەرپرسیارییەتێ سیاسییەکەی بخەنە سەر شانی خۆمان.

ئەوەی کە ئێمە ویستوومانە لە نێو تەشکیلاتدا خۆمان وەک فراکسیۆنێک ڕێکبخەین، ڕاستییەکە نکۆڵی لێناکرێ. هەر ئەو جۆرەی کە هەموان ئاگادارن ئەوە کارێک بوو ئاشکرا و شتێکیش نەبوو بێجگە لە فراکسیۆنێک کە ئامادەی بەڕێوەبردنی هەر ئەرکێک بوو کە حیزب پێی بسپێرێ. بێ گومان فراکسیۆن کۆبونەوەی خۆی هەبووە، بەڵام نەمانوتووە کە کەس مافی بەشداری کردن لەو کۆبونەوانەیدا نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە ڕامانگەیاندبوو، ئەندامانی تری تەشکیلات مافی خۆیان و لە هەمان کاتیشدا چارەنوسازە کە پێی پەیوەست بن. فراکسیۆن لە خۆی دا جۆرێک ڕێکخراوە و ئاشکرایە کە جۆرێک فۆنکسیۆنی ناوخۆیی

هەیە.بابەتەکە ئەوە نییە کە ئێمە کارێکی وام کردووە یان نا،بەڵکوو ئەوە بووە کە ئەو هەنگاوەی ئێمە بە رەسمی نەناسراوو مافی ئێمەیان لەو پەیوەندێدا پێشێل کراو....

دەوترێ کە گوایا هەوڵەکانی ئێمە لە پێناو خزمەت کردن بە پرۆژەگەلێکدابووە لە دەرەوی تەشکیلات. ئەوە بەشێک لە راستییەکانە. راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو کارە لە خزمەت بە بەرەو پێشبردنی پرۆژەیەکی سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوی تەشکیلاتدا بووە و هەشە. نکۆڵی لێناکرێ کە پرۆژەکەی ئێمە ئاسۆیەکی کراوەتر لە تەشکیلاتی ڕەچاو کردوە و ئەگەریش ئاوا نە بوایە شیاوی ئەو هەموو سرنجە نەدەبوو کە لە دەرەوەڕا خرایە سەری. گرفتەکە ئێمەن نەبوین، گرفتەکە ئەو رێبەریەیە کە نەک پێشوازی لە پرۆژەکە نەکرد بەڵکوو وەک هەمیشە سەریان بردەوە ناو قاوخەکەی خۆیان و پێیان وابوو دەبی کەسانی تریش هەر وا بن. گوایا تەشکیلات ئامرازێکە کە نابێ روو بە دەرەوە چالاکی هەبێ و ئەگەر کارێکی وات کرد ئەوا وەلادەنرێیت.

کۆمیتەی ناوەندی حکا لە راگەیاندنەکەی خۆی دا هەوڵێکی بێ ئەو پەڕدەدات تاکوو کردەوە ناشیاوەکانی خۆی بە پردەی دەستە واژەی: دڵ ئاوەڵەیی و نیەت چاکی، دوور کەوتنەوە لە دەس بردنی ناوەخت بۆ ئامرازی رێکخراوەیی، ئاواڵە بوونی ئامرازەکانی راگەیاندن بە روویاندا، هاندانیان بۆ روون کردنەوەی لایەنە فکری، سیاسی و گەلاڵەکانیان و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی لەبار بۆ ئەو کارە، داپۆشێ. ئەم هەموو نێ ئینسافی و چەواشەکاریانە ئێمەیان هاندا بەرەو ئەوەی کە سەرەڕای جەخت کردنەوەی زۆرتر لە سەر ئەو بابەتە فکری و سیاسیانەی کە هێناومانەتە ئاراوە، ئاماژەیەکیش بە هەڵس و کەتی "دڵئاوەڵانەی" ئەو رێبەریە بکەین . بۆ ناساندنی سیما و کەسایەتی ناوخۆ و دەرەکی حکا ئەوە بە شتێکی پێویست دەزانین.

ئەوەی کە لە راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حکا سەبارەت بە هەڵسو کەوتی سازان و ملدان لە گەڵ فراکسیۆن، دەرخستنی نیەت چاکی، دابین بوونی بەردەوامی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ دەربڕینی بۆچوونی جیاواز و بیر جیاوازان و ئیدعای لەم چەشنە ئاماژەیان پێ کراوە بە گشتی درۆن و کۆمەڵێک ئیدعای بێ بنەمان. لە لنین دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: کۆمۆنیستەکان قەت لە گەڵ خەڵک درۆ ناکەن و بەرچاوترین تایبەتمەندی هەر کەسێکی مارکسیستیش، بوێری لە کردەوەداو راست وێژی لە قسەدایە". بەڵام بە داخەوە ئەو هاورێیانەی ئێمە سەرەڕای بە خۆداهەڵکوتنی زێدە کۆمۆنیستیان، کوێرە رێگای دوور کەوتنەوە لە راستیان گرتۆتە بەر. ئەو پێویستییە بە هۆی خۆ بەگەورەزانی و زڵ کوێری رێبەری هیچکات لەو تەشکیلاتەدا بە کردەوە دەرنەهات و قەت نەبوو بە پرەنسیپێکی جێ کەوتوو و پێناسە کراو. ئەگەر ئاوا بۆایە ئەو رێکخراوە توشی ئاوا چارەنووس، پرژو بڵاوی و هەژاری فیکری و سیاسی نەدەهات.

تا ئەو جێگایەی کە هەڵدەگەرێتەوە بۆ هەڵس و کەوتی رێبەری لە بەرامبەر کەمینەی تەشکیلاتی بە گشتی و فراکسیۆن بە تایبەتی، کۆمیتە ناوەندی حکا چەند مانگ بەر لە کۆنگرەی 13ی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە) پەرەی چەند قاتی بە جموجۆڵی بەرنامە بۆ دارێژراوی خۆی بە دژی ئەندامانی لکێندراو بە "کەمینە" دا و کاری دەرهێنان و بوار خۆش کردن و خۆ تەیار کردنیان بۆ گرتنی کۆنگرەیەکی روتین" بە ئیشتیای دۆستان" دەست پێ کرد. لە رێگای ئامرازەکانی راگەیاندنی قۆرغ کراوەوە بانگەشەیەکی یەکلایەنەی زۆر نا یەکسان و بە دوور لە هاورێیەتیان دەست پێکرد. هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە دوو لێدوانی لە پێشدا دارێژراو لە ستۆکهۆڵم و وتووێژ لە گەڵ رادیۆ هەمبەستەگی چەخماغەی ئەو هەڵمەتەی لێدا. ناوبراو ئەو کات هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی لە سەر بناغەی

بەڵگەیەکی یەکلایەنە و دوور لە راستی بۆ لکاندنی هەڵبەستراوی ئێمە بە رەوتی تر و ئەو خاڵە خەیاڵییە کە بۆچی لە گەڵ ئەوان نەرۆیشتن، خستە گەڕ و بە تەوس و توانجەوە باسی لە جیابونەوەی هاورێیانێک کرد کە خاوەنی ستراتێژی جیاوازن. ئەوە لە حالێکدا بوو کە سەرجەم ئامرازەکانی راگەیاندن لە هاورێیانی ناسراو بە کەمینە زەوت کرابوو.

لە گەرماو گەرمی رۆژانی بەر لە کۆنگرەدا بە مەبەستی هەڵخڕاندنی هەستی هاورێیان لە رێگای درۆیەکی شاخدارەوە ئەو دەنگۆیەیان وەرێ خست کە "فراکسیۆن خۆی بۆ بەرێوە بردنی کودتا و دەستبەسەر داگرتنی ئوردوگا بە هاوکاری هێزی تر ئامادە کردوە". کاردانەوەی سەرەکی ئەوە کە کۆنگرەی 13 شۆنێک نییە بۆ هێنانە ئاڕای فراکسیۆن، هەڵاو هەنگامەی ناو کۆنگرە و دواتریش هێنانە ئاڕای باسی فراکسیۆن و هەروەها خۆ دەرخستنی دەبیر ئەوەڵی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست بە چەند جۆرو دواتریش راگەیاندنی ئەوەی کە ئەو کەمینەیە لە ژێر هیچ ناوێکدا دانی پێدانانرێ، تاکوو دەگاتە بەرتەسک کردنەوەی چوارچێوەی کاری رێکخراوەیی و لێ ئەستاندنەوەی بەرپرسیاریەتی ودەرکردنی ئەندامانی فراکسیۆن، پێشێل کردنی کەسایەتی و گاڵتەجاڕی تەبلیغاتی نارەوا، بیانوو پێگرتن، درۆ هەڵبەستن لە دژی فراکسیۆن تاکوو دەگاتە ئەو راگەیاندنەی ئەو دووایەیان بە گشتی چەند دیمەنێکی جیاوان لەو سناریۆ هاوبەشەی کە پێشتر بە مەبەستی پاڵاوتنی دەیان کەس لە ئەندامانی فراکسیۆن دایانرشتوە، تا بەو شیوەیە باوەری ئیدئۆلۆژیکی خۆیان بپارێزن.

بریا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حکا لە جیاتی قسە کردن لە نیەت چاکی و دوور کەوتنەوە لە بڕیاری کاڵ و کرچی رێکخراوەیی قسەو باسی هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە ئوردوگایان سەبارەت بە فراکسیۆن و بە گوێ دادانی بڕیاری نوێ و مەترسی نانە پێش پای کەسانێک کە بیانهەوێ پێیان پەیوەست بن، بڵاو دەکردەوە تا خەڵک بزانن کە نیەت چاکی بە پێوانەی ئەو رێبەرێ یانی چی؟ تاکوو بزانن دیموکراسی حیزبی چ مانایەکی هەیە و ئازاد ئەندێشی و کەسایەتی مرۆیی ئەندامانی ئەو رێکخراوەیە کە ئەگەر ویستیان رەخنە گری سیاسەتێکی دیاریکراو بن چ جێگاو شوێنێکی هەیە و چۆن بۆ شکاندنی دەست بۆ هەر کردەوەیەکی نەشیاو دەبەن. ئێمە هەر ئەو کات لە راگەیاندنێکدا نیگەرانی خۆمان سەبارەت بەو چەشنە دیالۆگ و هەڵس و کەوتە بێبایخانە دەربڕی و خوازیاری پێ راگەیشتن بەو بابەتە بوین. بەڵام کۆمیتە ناوەندی بە بێ گوێ دان بە قسەکانمان، رایگەیاند کە بیر لە "توند کردنەوەی پێچ و مۆرەکانی تەشکیلات دەکاتەوە" و ئەو مەسەلەیەی بە هەڕەشەی دەرکردن، زەخت خستنە سەر بۆ وەرگرتنەوەی واژۆ، هێنانی زەختی دەرونی و رێکخراوەیی، هەڕەشەی بڕینی ئاسایش و نانی شەو، سووکایەتی پێکردن، سیخوڕی کردن و هەوڵ دان بۆ ناردنی کەسی هەڵبژاردەی خۆیان بۆ ناو ریزەکانی فراکسیۆن، دزە کردنە ناو سیستمە کامپیوتێریەکان و دزینی ئی مایلی تایبەتی کەسەکان، وڵامداوە و... سەرجەم ئەو کردەوە تێکدەرانەیە نێو دەنێن نیەت چاکی و بێ خەبەر لەوەی کە چ قەباحەتێکیان خوڵقاندووە سەر مەستی سەرکەوتنن و جاڕ لێدەدەن کە "ئێمە ئاگامان لە سەرجەم زانیاریە نێو خۆیەکانی ئێوە هەیە". لە درێژەی ئەو شێوە کارەیاندا تەنانەت تاکوو سنووری تاوانی خیانەت خستنە پاڵی ژمارەیەک لە هاورێیان دەچنە پێش کە گوایا "ئەوان زانیاری ئوردوگایان درکاندوە" و...هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە تەئید و پاساوێکی ناشارەزایانەی ئەو کارەدا لە کۆبونەوەی تەشکیلاتی دا دەڵێ: هاورێیان! هەبوونی پێناسی کۆمەڵە بۆ خۆی جێگای شانازییە، ئەوانە بە هۆی ئەو بابەتانەی کە نووسیویانەو ئەو قسانەی کە کردویانە ئێتر شیاوی هەڵگرتنی ئەو شانازیە نین، ئێمەش وتمان ئێوە کە ئێستا بۆخۆتان ناتانهەوێ، بە ئەرک نەبێ لە گیرفانتانی دەر بێنن". بەڕاستی ئەوانە بە گشتی بیانوو بوون بۆ ترساندنی ئەو بیر جیاوازانەی کە لە

ئوردوگادا بوون، بۆ هیچ نەوتن  لە لایەک و دەرخستنی هەیبەتی خۆیان وەک رێبەرانی قورس و قایم لە لایەکی‌ترەوە!

ئەوانە لە بیریان چۆتەوە کە سەرجەم بگرەو بەردەی جیهانی دیکتاتۆری و گێرەو کێشەی جیهان لە سەر هەر ئەو قسەو نوسراوانەیە کە بەرێوەبەران گوێیان نادەنێ و پەنا بۆ هەر چەشنە ئامرازێک دەبەن بۆ ئەوەی بێخنکێنن.

ئەو شتەش کە سەبارەت بە ئاواڵە بوونی هەموو ئامرازەکانی راگەیاندنی حیزبی بەرووی بۆچونەکانی کەمینە باسی دەکەن بە پێچەوانە باس دەکرێ. ئەگەر لەو حیزبەدا توانراوە فراکسیۆن رابگەیەنرێ ئەوە لە سایە و بەرەکەتی دیموکراسی خوازی رێبەری "حکا"نەوە نەبووە، بەڵکوو بە پاڵپشتی گرینگی ئەو بۆچونانەیە کە هێنراونەتە ئاراوەو بە پێچەوانەی خواستی رێبەری ،خۆی داسەپاندووە. هەر وەک زۆر جار باسمان کردووە دەربرینی ئەو بۆچونانە و ئازادییەک کە بە دوایی دا هات بە جۆرێک کەوتۆتە بەر زەخت و هیرش کە هەمو کەس بیێ بە پەند .ئەوە تەنیا بە هۆی تایبەتمەندی ئەم و ئەو نییە بەڵکوو دەگەرێتەوە بۆ ئەو بەستەڵەکی ئەندێشە و ئایین ئەندێشانە  کە چوار دەوری تەنیون و هەر کامیان قیبلەی خۆیان تێیدا دۆزیوەتەوە و نایانهەوێ هیچ دەنگێکی تر ببیستن. بە داخەوە ئەوانە بێ بەرین لەو بەسیرەتی بۆچوونە کە بتوانن رێگای بەرەو رووناکی بدۆزنەوە. لەو ئایینەدا قسەی نەیار نابیسترێ و پێویستیشە وەک خراپەکاری و دوژمنیش لێکبدرێتەوە. ئەوانە پێیان خۆشە بەردەوام خۆیان سەرنوسەری وتارەکانی خۆیان بن، خۆیان وتووێژ لە گەڵ خۆیان بکەن و لە دەست رووبەڕوو بونەوەی نزیک لە گەڵ باوەڕی کەسانی تر، رابکەن. سەرجەم ئەو هەوڵە ناو خۆیانەو بڕو بیانوو هێنانەوە  بۆی و لە ئاکامدا پاڵاوتن، دەرخەری ترسێکی دانپێدا نەنراوە کە دەیانهەوێ خۆیانی لێ دور کەنەوە. بەڵام ئاگایان لە ئەوە نییە کە بەردەوام ئەو ترسەیان بە کۆڵەوەیە. ئەوە رەوتێکی بەرەو دواوە چونەوەیە کە بە داخەوە سێبەری خستۆتە سەر بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئێمە و بۆ وێنە حکا. خۆ دەرباز کردن لەو ئافەتە ماڵوێران کەرە، پێش شەرتی پێشەنگایەتی و بەرەو پێش چوونە، ئەویش نەک بە قسە بەڵکوو بە کردەوە.

ئێمە لە هەموو ئەو ماوەیەدا و تا ئەو جێگایەی کە توانیبێتما لە ئاست کردەوە زیانبارەکانی رێبەری حکا، هەوڵماندا جیابونەوەیەکی تر نەخەینە رێ. ئێمە قازانجێکمان لەو کارەدا نەدەدیت. ئێمە خوازیاری قسەو باسی رێ خۆشکەر و مانەوە لە گەڵ یەکتر بە پاراستنی بۆچونەکانی خۆمان بوین. بەڵام ئەوە داوا و خواستێک نەبوو کە لایەنی بەرامبەر بتوانێ بیسەلمێنێ. لە بنەڕەتدا ئەو حیزبە "حیزبێکی یەک بوونی و تاک بۆچوونێیە". بە بۆوچونی ئەو حیزبە هەموو شتێک لە گرەوی ئەو دەسەڵاتە سیاسیەدایە کە حیزبێکی چکۆڵەی هاو دەست بە کەڵک ورگرتن لە هەل ومەرج (بە رێکەوتیش) و سواری شەپۆل بوون  وەدەستی دەخا. بەڵام راستیە تاڵەکە ئەوەیە کە ئەگەر بێت و ئەو "تیئۆری"یە لە شوێنێک بە دادی رەوت و حیزبێک گەیشتبێ، بۆ "حکا"یێک کە هێشتا نانی کۆمەڵە دەخوات، جیا لە خەیاڵێکی پووچ و نا جیددی شتێکی تر نییە. بە درێژایی ئەو ماویە ئێمە بە داخ بوین بۆ هاورێیانی هاو حیزبی خۆمان کە خۆیان بە لێکدانەوەی لەو چەشنە سەرقاڵ کردووە. هەموو هەوڵمان ئەوە بووە کە بێنەوە خۆ، بەڵام سەری نەگرت. ئێمە دەمانزانی کە ئەو هاورێیانە عەینەکێکی لێڵ و ڕەش بینیان کردۆتە چاو. دەمانزانی کەم نین ئەو کەسانەی کە بوونی سیاسیان، تەنیا پاراستنی ئەو چەند کورسیەیە کە بۆخۆیان ناویانەتە ژێریان و ناتوانن دەستبەرداری بن. ئێمە بە سەر ئەو راستێدا زاڵ بووین کە ئەوان دان بەخۆداگرتن و دوورە پەرێزیەکانی ئێمە وەک لاوازی سیاسی و چاوەڕوانیمان بۆ کاتی شیاو لە قەڵەم دەدەن، بەڕاستی چاوەڕوانی زیاتریشمان نەبوو. سەرەڕای هەموو ئەوانە، بە خۆمان دەوت، زۆریک لەو ئەندام و کادرانە

هێزی ئەو بزوتنەووەیە بوون و ئەگەر بیانهەوێ  دەبنە هێزی هەر چەشنە ئاڵ و گۆڕیک بۆ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵە. ئێمە بۆمان نییە کە پەیوەندی و قسەو باس لە گەڵ ئەوان لە بەر چاو نەگرین. بۆمان نییە بە هۆێ بڕیارێکی بە پەلە خەوش بخەینە سەر هاورێیەتی لە مێژینەمان. چونکە پێمان وابوو و ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕڕین کە ئەوەندەمان بۆچوونی هاوبەش هەبووە کە ببنە یارمەتی دەر و بەهیزکەری دیالۆگێکی شآرستانیانە.

بەڵام ئێستا کە رێبەری حکا بە مەبەستی گەیشتن بە بەرژەوەندی تاقمچێتی خۆی دەنگی بە پاڵاوتنی فراکسیۆن داوە، ئێمەش درێژەی کارو هەڵسووڕانی خۆمان لەو حیزبەدا و پێداگری لە سەر مانەوە و کەڵک وەرگرتن لە مافی نارەزایەتی لە ئاست رێبەری "حکا" بە شتێکی نا مومکین، بێ کەڵک و بێ سوود دەزانین. ئێمە هەروا درێژە بە هەوڵەکانمان بۆ گەشانەوەی بزوتنەوەیەکی نوێی چەپ و سوسیالیستی لە کوردستان، بەڵام ئەوجار لە دەرەوی رێکخراوی حکا دەدەین. هەر بۆیە رایدەگەیەنین کە لەمەو بەدوا ئێمە رەوتێکین لە نێو رەوتەکانی تری "کۆمەڵە" و هیچ پەیوەندیەکمان بە حکا و ئەوەی بەو نێوە دەناسرێتەوە نییە.

لەمەو بەدوا هەوڵ دەدەین لە رێگای هاوئاهەنگی و هاوکاری لە گەڵ هەڵسوڕاوان و دڵسۆزانی رێگای سوسیالیستی و ئازادبیرانەی کۆمەڵە، بە زوویی بگەینە پلاتفۆرمێکی هاوبەش ودواتریش بە چوون بەرەو دارشتنی بەرنامەیەکی سیاسی- عەمەلی، ورد و هەمە لایەنە، بە بەشی خۆمان، رێگای یەکیەتی هێزێکی چەپ و سوسیالیستی راستەقینە خۆش بکەین.

## فراکسیۆنی فەعالیەت بە ناوی کۆمەڵە

## خاکەلێوەی 1388